سەماحەتی حەکیم داوای تەواوکاری لە نەوان دەزگا ئاینییەکان و شوێنکانی ئەوقافی کریستیانەکان و ئاینەکانی دیکە دەکات

لەمیانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دکتۆر رامی جەزەف ئاغاجان سەرۆکی دیوانی ئەوقافی مەسیحی و ئەزیدی و سائیبەی مەندائی، سەماحەتی عەمار ئەلحەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی بەپێویستی زانی کە پێکهاتە عێراقییەکان پارێزراو بن و پاڵپشتی بکرێن و هەندێکیان قەرەبوو بکرێنەوە بەهۆی ئەو زیانەی لە ڕووداوەکانی تیرۆر و دژایەتی کردنی تایفی بەریان کەوتوە.
سەماحەتی ڕوونی کردەوە کە ئامادەبوونی ئەو پێکهاتە عێراقییەکانە لە دیمەنی عێراقیدا بەشێوەیەکی گشتی پێوەندی بە ژمارەیان نییە لەبەر ئەوەی کوالێتیی بەژمارە پێوان ناکرێت، سەماحەتی داواشی کرد فرەیی بپارێزرێت و بەرەو قۆناغێکی دیکە بڕوات و ئەو پێکهاتە عێراقییانە ببنە پردێك لە نێوان عێراق و گەلانی ناوچەکە و جیهانیش.

بەڕێزیان جەختی کردەوە لەسەر بەردەوام بوون و هەماهەنگی بەردەوام لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکان بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەری فیکری و کەمەڵایەتی کە ڕووبەڕووی کەمەڵگە دەبێتەوە، دووپایشی کردەوە کە گرنگە تەواوکاری لەنێوان دیوانی ئەوقافی مەسیحی و ئەزیدی و سائیبەی مەندائی لەگەڵ دام دەزگا ئاینییەکانی پێکهاتکانی دیکە هەبێت.
لەکۆتاییدا سەماحەتی داوای کرد سامان و ئەوقافی پێکهاتەکانی عێراقی پارێزراو بێت و گفتوگۆی ڕەشنبیری لە نێوانیان ئاوگەڵ بکرێت و هەوڵستە لەسەر خاڵە مرۆییە هاوبەشەکان بکەن، ئەوەش لە هەموو ئاینییەکاندا بوونی هەیە.